كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
10-7-2007 22:53بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**سەفەر ... گەشاوە جاف**



ڕۆحم تۆ بەم سەفەرە ژیانم تاریك دەكەی
ڕۆحم تۆ بەم سەفەرە یاری بە هەستم ئەكەی
ڕۆحم تۆ بەم سەفەرە ئازاری گیانی من ئەدەی
تۆ نازانی چەندە هۆگری عەشقی تۆم
تۆ نازانی چەندە هاوورازی خەمی تۆم
ڕۆحم ئەم سەفەرەت دووری نێوان درووست ئەكات
بەهاری خۆشەوویستی هێدی هێدی بەرەو كۆتایی ژین دەبات
ڕۆحم ئەم سەفەرە چاوی پڕ ئەسرینی تەنهایی كردم
ئەسرینی نەبوونی دیدارت.... .... .... .... .... .... .... .... .
ڕۆحم ئەم سەفەرە هەناسەی پڕ حەسرەت كردم
حەسرەتی نەگەیشتن بە خۆشەوویستی دوور لەدیارم
ڕۆحم ئەم سەفەرە جەستەی پڕ ئازار كردم
ئازارێ كە سرەوتی نەبێ بێ حوزری تۆ لە نزیك منی جێماوت
جێم دەهێڵی و خۆشی سەفەر سەرسامی كردیت
سەرسامییەك كە بە جارێ گشت بەر چاوی گرتوویت
جیم دەهلێیت و سەرسام بەرامبەرت ڕاوەستاوم
چاوەڕێی تیشكی ئەفسوونی چاوت ئەكەم واق وورماوم
دڵم ئە لێ ڕێگەی بدە ڕۆژێ دێتەوە جێژووان
چاوم ئەڵێت چاوەڕوانم ڕۆحت ئەكەم تا دەگەڕێتەوە بۆ لات
هەناسەم ئەڵێ هەلئەكێشم هەناسەیەك بۆ گەرانەوەی بۆ لات
دەستەكانم چاوەڕێی گووشینی جەستەت ئەكات
دەدەركەوە.... دەدەركەوە....
ڕۆحی چۆڵم زكری بێ تۆیی دەكات
دەدەركەوە.... ... دەدەركەوە....
بۆچی؟ سەفەر لە كاتێكدا لە سەرەتای عەشقمان بووین
بۆچی؟ سەفەر لەكتێكدا وەك دوو ماری عاشقەو ماشقە تێك ئالابووین
بگەڕێوە تا سەفەرت بارانی نەگبەتی جودایی نەباراندوە بەسەرما
بگەڕێوە تا سەفەرت نە بێتەكۆتایی دراما
بگەڕێوە دڵم ئارەزووی فرینێكی تر دەكات
تاپێكەوە بگەینە بەهەشتەكەی عاشقانی ئەم دونیا و هەروەها ئەو دونیا
ڕۆحم ئەم سەفەرەت ژیانم تاریك دەكات
یاری بە هەستم ئەكات
ئازاری گیانم ئەدات

لەندەن / ٢٠٠٧

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.